# گومان

**موحەمەد فەریق حەسەن**

ناسراو بە مامۆستا هین. ناو بەناو، لە گۆشەی چایخانەیەکی قووڵ و شێداردا، برادەرە ئەدیبەکانی بەسەر دەکاتەوە. بەڕێکەوت، دانیشتنی ئەم جارەیان لاوێکی زیاد کردبوو.. لاوەکە بەکتێبێکەوە سەرقاڵ بوو.. مامۆستا هین وەک خووی پێوە کرتووە، سەری لێ بردنە پێشێ، هاوکات برادەرەکانیشی سەریان هێنا. بەزمانە لووس و پاراوەکەی پریاسکەی دەنگ و باسی واڵا کرد:

ـ قسەی خۆمان بێ و لە ناومان دەرنەچێ؛ ئاگام لە جموجووڵی برادەرانی سەرەوەیە. کەسی باوەڕپێکراو خۆی بۆی گێڕامەوە، بۆیشم هەیە مژدە بە دۆست و برادەران بدەم، کە دنیا بە دڵی خۆمانە و بەم زووانە هەواڵی خۆش دەبیستین..

بە تانیدا هاتە خوار. هەتەر بوون و نیاز خاوێنی بە وتەکانێوە دیار بوون. هاوڕێکانی خۆزگەیان دەخواست سەر و جووت گوێی دیکەیان لێ بڕوایە تاکو بۆ وتە لەدڵ نزیکەکانی مامۆستا هینی ڕابگرن. مامۆستا هین، پاڵی لێدایەوە. وەک ئەکتەری سینەما بێت و مەشقێکی زۆری لەسەر ئەو جووڵەیە کردبێ، بە سەری دوو پەنجە و زۆر بێخشپەو بەمەعلانی، جگەرەیەکی لە پاکەتەکەی باخەڵی دەرهێنا. بە جووڵەیەکی دیکە، ئەکرۆباتانە ڕێک هاویشتییە نێوان هەردوو قامکی و لەوێوە گەیاندییە نێوان لێوی. دوای ئاگردانی، چاوێکی بە برادەرەکانیدا گێڕا، تاکو کاردانەوەی قسەکانی لە وەڵامیاندا یان هیچ نەبێ لە ڕووخسارایاندا بخوێنێتەوە. برادەرەکانی لەبەر هەر هۆیەک بێ بێدەنگ بوون. لاوەکەیش خجڵی کتێبەکەی بوو. دوای بەبادانی گەواڵە دووکەڵێک، مامۆستا هین سەری هێنایەوە پێش و بەدەنگێ لە فسکە دەچوو پرسی:

ـ ئێوە، لێرە و لەوی، هیچی نوێتان نەبیستووە؟

کارێکی چاوەڕوان نەکراو و سەرسووڕمێن بوو، کاتێ کوڕە لاوەکە ڕووی کردە ناسراو بە مامۆستا هین و بەدەنگی بەرز پێی وت:

ـ لە قسەکانی ئێرەت حاڵی بووین.. خۆزگە دەمانزانی، لەولایش. کاتێ لەگەڵیاندا دادەنیشی، باسی چی دەکەن؟!

ئەم پرسیارە گوماناوییەی کوڕەلاو، هاوڕێکانی مامۆستای ناسراو بە هینی حەپەساند. هین پێی لە پلەی تەپڵەکەکەی پێشی داگرت. شانێکی هەڵتەکاند. لەسەر یەک دوو مژی خێرای لە جگەرەکەی دا. دووکەڵ پەرییە قوڕگی و کەوتە کۆکە کۆک و چاو گلۆفین.. پێچەوانەی زمان پاراوییەکەی نەختێ لەمەوبەری؛ زاری تێکەل و پێکەڵی هەڵهێنایەوە. وشەکانیش لە گەروویدا بەگیر دەوەستان:

ـ ئەولا؟.. ئەولا، مەبەستت کوێیە... کوڕی باش؟!

لاوەکە بێ ئەوەی چاو لە ڕەنگی بزڕکاوی بترووکێنێ، بە زەردەزەنەیەکەوە پێی وت:

ـ ئەو شوێنەی، کە خەڵکی شار بە ترس و دڵە لەرزەوە بەلایدا ڕەت دەبن و، کەچی تۆ ئێواران ئۆتومبیلەکەتی لە بەردەمدا دەوەستێنی!

سلێمانی، 21.11.1987

hemefarik@yahoo.dk